# بەرپرسیارێتی بریتانیا بەرامبەر باشوری کوردستان لەبەر رۆشنایی بریارو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ١٩١٦-١٩٢٣

پ. هـ. د. هێرش عبدالله حمه كريم
بەشی مێژوو-کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان-زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عیراق

## پۆختە:

لەگەڵ ئەوەی بریتانیا نەخشەدارێژەری دابەشبونی کوردستان بووە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهان، هاوکات چەندین بەرپرسیارێتی یاسایی کەوتۆتە ئەستۆ. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا دەتوانێت بەقازانجی خۆی بەکاریبهێنت. بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ بە پێی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ کوردستانی دابەش کردووە. دواتر لە ساڵی ١٩١٨ کوردستانی باشوری داگیر کرد. لە ساڵی ١٩٢٥ -١٩٣٢ خستیە ژێر منداتی خۆیەوە دواتر لە ١٩٣٢ رادەستی عێراقی کرد. هەموو ئەم پارچە کردنەو گرێدانی کە بریتانیا بە کوردستانی کردووە، زۆر زیرەکانە ئەنجامی داوە، بەلام بەدەر نییە لە کۆمەڵێك پابەندی یاسایی کە بریتانیا دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی نێودەوڵەتی گەورەوە کە هەرێم کوردستان دەتوانیت قازانجی لێبکات.

ئامانج: ئەم توێژینەوەیە بەو ئاراستەکار دەکات، لەبر رۆشنایی ئەو پەیماننامانەی کە بریتانیا لە عێراقی پاشایەتیدا ئەنجامی داوەو دواتر هەندێك هەڵوێستی بریتانیا لە سەردەمی کۆماریی عێراقدا، وا بکات بریتانیا بخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی مێژوویو یاسایو ئەدەبی وا کە هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی فدراڵەوە ببێتە هەرێمێکی خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی.

***وشە سەرەکیەکان: بەریتانیا، باشوری کوردستان، یاسای نێودەوڵەتی، عیراق***



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## پێشەکی:

لەگەڵ ئەوەی بریتانیا نەخشەدارێژەری دابەشبونی کوردستان بووە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهان، هاوکات چەندین بەرپرسیارێتی یاسایی کەوتۆتە ئەستۆ. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا دەتوانێت بەقازانجی خۆی بەکاریبهێنت. بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ بە پێی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ کوردستانی دابەش کردووە. دواتر لە ساڵی ١٩١٨ کوردستانی باشوری داگیر کرد. لە ساڵی ١٩٢٥ -١٩٣٢ خستیە ژێر منداتی خۆیەوە دواتر لە ١٩٣٢ رادەستی عێراقی کرد. هەموو ئەم پارچە کردنەو گرێدانی کە بریتانیا بە کوردستانی کردووە، زۆر زیرەکانە ئەنجامی داوە، بەلام بەدەر نییە لە کۆمەڵێك پابەندی یاسایی کە بریتانیا دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی نێودەوڵەتی گەورەوە کە هەرێم کوردستان دەتوانیت قازانجی لێبکات.

ئامانج: ئەم توێژینەوەیە بەو ئاراستەکار دەکات، لەبر رۆشنایی ئەو پەیماننامانەی کە بریتانیا لە عێراقی پاشایەتیدا ئەنجامی داوەو دواتر هەندێك هەڵوێستی بریتانیا لە سەردەمی کۆماریی عێراقدا، وا بکات بریتانیا بخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی مێژوویو یاسایو ئەدەبی وا کە هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی فدراڵەوە ببێتە هەرێمێکی خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی.

کێشەی توێژینەوە: سێ پرسیار لەپشت نوسینی ئەم توێژینەوەیە. ئایا تەنها دیباجەی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥، بەسە بۆ شەرعیەتدان بە هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوس؟ دووەم. مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەلاتی فلستینی لە کۆبونەوەی سالانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٢ی سێپتەمبەر ٢٠١٦ رایگەیاند، کە داوا لەسەر بریتانیا تۆمار دەکەنو دەبێت بریتانیا بەرپریارێتی مێژوویيو یاسایيو سیاسیو مادیو مەعنەوەی ئەنجامەکانی بەڵێنامەی بەلفۆر لەئەستۆ بگرێت[١]. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت داخۆ کورد دەتوانێت داوای بەرپرسیارێتی لە بریتانیا بکات لە بەرامبەر دابەشکردنو داگیرکردنی کوردستانو پێشێلکردنی بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە کورد؟ سێیەمینو دووایەمین پرسیار، کوردناسی روسی پرۆفیسۆر لازارێڤ دەڵێت، کوردەکان بۆ قایمکردنی جێپێی خۆیان لە ئاستی نێودەوڵەتی، پێویستە سیفەتێکی نێودەوڵەتییان هەبێتو نوێنەریان لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەبێت[٢].

پێکهاتەکانی تێژینەوە:

تەوەرەی یەکەم: دابەشکردنو داگیرکاری کوردستان بێ بەرپرسیارێتی ١٩١٨-١٩٢٥

تەوەرەی دووەم: منداتی کوردستانو خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی (١٩٢٥-١٩٣٢)

تەوەری سێیەم: بریتانیاو کەوتنە داوی بەرپرسیارێتی (١٩٩١-٢٠٠٣)

## یەکەم: دابەشکردنو داگیرکاری بێ بەرپرسیاری (١٩١٦-١٩٢٥):

بریتانیا کوردستانی دابەشکرد لە رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ لە ١٩١٦، لایەکی تر بریتانیا لە ١٩١٨ کوردستان داگیر دەکات بە بێ ئەوەی بەرونوو ئاشکرا رایبگەیەنێت کە ئەم ناوچەیە وەك ناوچەیەکی داگیرکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت یان سیستەمی ماندات تیایدا پەیرەو دەکرێت. تا ساڵی ١٩٢٥ بریتانیا لە نێوان حوکمە راستەوخۆو ناراستەوخۆو مانداتدا، بەبێ ئەوەی رایبگەیەنێت کە بەتەواوەتی کام جۆرە پەیرەو دەکات، حوکمی باشوڵای کوردستانی کردووە. لەم تەوەرەدا باس لە دابەشکاری بریتانیا بۆ کوردستانو پاشان داگیرکاری دەکرێت تا ئەو کاتەی کۆمەڵەی گەلان بە فەرمی باشوری کوردستان لە ١٩٢٥ دەخاتە پاڵ عێراق.

بریتانیا لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا دەسپێشخەری دابەشکردنی زەویەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستی کرد، لەکاتێکدا هێشتا دەوڵەتی عوسمانی سەرسەختانە لەپێناو مانەوەدا لە بەرەکانی جەنگ لە دژی بریتانیاو فەرەنساو روسیا دەجەنگی. بۆ گەلاڵە کردنی ئەم بیرۆکەیە، سەرۆك وەزیرانی بەریتانی، هربت ئەسکویس، لیژنەیەکی بە سەرپەرشتی جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، مۆریس بۆنسن، هاورێ لەگەڵیدا بە بەشداری نوێنەری وەزارەتەکان لە ١٩١٥ پێکهێنا. ئامانج لە کاری ئەم لیژنەیە، دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بوو لەو ناوچانی کە بریتانیا چنگی دەوڵەتی عوسمانی دەریدەکاتو داگیری دەکات لە دوای تەواو بوونی جەنگەکە. ئەم راسپاردەیە چوار پێشنیاری بۆ داهاتوی زەویەکانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی دیاری کردبوو، کۆی گشتی پێشنیارەکە لە چەند خاڵێکدا هاوبەش بوو ئەویش ئەوە بوو کە کوردستان پێویستە لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەش بەش بکرێت. بە هیچ جۆرێکیش باسی دەوڵەتی کوردی تیادا نەکرا بووز لە کاتێکدا دەوڵەتی ئەرمەنیو عەرەبی تیادا جێگەی خۆیان هەبوو. دیزاینەرەکانی پرۆژەکە، هۆکارەکەی بەوە دادەنێن کە "کوردەکان خاوەنی هەستی نەتەوەیی نین، کارێکی ئەستەمە کە کوردستان چەسپاو بێت، لە کاتی چەسپاندنی سنوریششدا هیچ هۆکارێك لەبەردەم دابەشکردنی کوردا نیە. یان بۆچی وا دابنێین کە کورد گەلێکن پێویستیان بە پشگیری هەیە؟"[٣].

ئەم ئەجندایە بوو بە بەردەبازی بۆچونی بریتانی بۆ چونە ناو رێکەوتننامەیەك لە گەڵ بریتانیاو فەرەنساو روسیا کە بە رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ ناسارا لە ١٩ی مارت ١٩١٦. بەپێی رێکەوتنەکە، دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانان، پارچەپارچە کرا. لەم رێکەوتنەدا کوردستان دابەش کرا بەسەر سێ هەرێم، گەورەترین هەرێم کە باکوری کوردستان بوو بەر روسیای قەیسەری کەوت. دواتر فەرەنسا بەشی رۆژهەلاتی کوردستانو بەشێکیشی لە باشور وەرگرت. بچوکترین بەشیش پشکی بەریتانیا بوو. لەناو ئەم هەرێمانەشدا هیچ ئاماژەیەك بە دەسەلاتێکی کوردی سەربەخۆ یاخود نیمچە سەربەخۆ نەدرا[٤].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئەو پرسیارانەی کە لەسەر ئەم ڕێکەوتنە سەرهەڵدەدات بریتیە لەوەی ئەم ڕێکەوتنە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ مادەی (٢) لە ڕێکەوتنامەی ڤییەنا بۆ ساڵی ١٩٦٩[٥]. کە تیایدا سێ لایەنی نێودەوڵەتی ڕێکەوتن واژۆ دەکەن بۆ دابەشکردنی موڵکێك کە ناوی دەوڵەت عوسمانییە بە بێ ئەوەی ئەو دەوڵەتە بەشداربێت لە ڕێکەوتنەکە. کە ئەمش هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. ئەوی مایەی تێرامانە، ئەم ڕێکەوتننامەیە دەبێت بنەمای سەرەکی بۆ دارشتنی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە هەر لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەلێك دەوڵەتە نوێ سەرهەڵدەدەن. هەر بەپێی ئەو بنەمایە کورد نابێتە خاوەن هیچ قەوارەو دەوڵەتێکی سیاسی. بۆیە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ، بریتانیا بەرپرسیار دەکات لەبەرامبەر ئەوەی نەك بۆتە هۆی دابەشکردنی کوردستان، بەڵکو یەکێتی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەی کوردی پەك خستووە.

دوابەدوای دابەشکاری، بریتانیا وەك داگیرکەر دێتە کوردستان. لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە داگیر دەکەن بەلام هیچ جۆرە سیاسەتێکی ڕونو ئاشکرایان بۆ ناوچەکە نییەو بە سیاسەتی ڕۆژو بە دانە دەستی ئەفسەرە لاوەکان ناوچەکە بەڕێوە دەبەن. هیچ پێناسەو چەمکێکیش ناتوانرێت دابتاشرێت لەم ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٢٥ کە ئایا بریتانیا بە پێی چ پەیرەو یاسایەکی نێودەڵەتی ناوچەکە بەڕێوە دەبات.

دەسپێکی بەریەککەوتنی دەسەلاتی بریتانی لەگەڵ کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی کۆتایی هاتن بە جەنگ، کە سیاسەتی بەریتانی لە ڕۆژهەلات گۆرانێکی گەورەی بەخۆوە بینی ئەوەیش دوای پاشەکشەی ڕوسیا بوو لە بەرەی شەرەکان لە ١٩١٧. ئەمە وایکرد بریتانیا گۆران لەو باوەرەدا بکات کە پێویستە کۆمەڵە دەوڵەتێکی لەمپەر یان دەسەلاتی فەرەنسا وەك بەربەست، پێگەی بەریتانی لە پێگەی ڕوسی لە ڕۆژهەلاتدا جیا بکاتەوە. بۆیە بەریتانیا لە دابەشکردنی ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ فەرەنسادا پاشگەز بۆوەو فەرەنسای ڕازی کرد کو دەسبەرداری تەواوی ولایەتی مووسڵ ببێت. ئەمیش (واتا بریتانیا) تەواوی هەوڵی خۆی بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان خستەگەڕ. لەم پێناوەشدا ئامانجی خۆی دیاریکرد کە بریتی بوو لەهێرش بردن بەرەو ئەوپەری باکوری بەغداد. ئەوەبوو هێزەکانیان بۆ دوو بەرە دابەش کردکە یەکەمیان لە شارەبانەوە بەرەو خانەقینو کفریو کەرکوك بەڕێکەوت، لە دیسەمبەری ١٩١٧ خانەقین گیرا، لە ٢٨ مایۆی ١٩١٨ کفری، لە ٢٣ی ئۆکتۆبەر ١٩١٨ کەرکوك دەستی بەسەردا گیراو دواتر لەسەر داوی شێخ مەحمود حەفیدهەر لەو ساڵە چونە سلێمانی. بەرەی دووەم لە ڕۆژئاواوە لە کەناری ڕوباری دجلەوە بەرەو هەولێرو مووسڵ بەڕێکەوتنو پاش چونە هەولێرو بەدوایدا لە ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩١٨ شاری مووسڵ خۆیدا بەدەستەوە[٦]. بەم شێوەیە باشوری کوردستان چووە سنوری قەڵمرەوی داگیرکاری بریتانی.

ولایەتی مووسڵ کێشەی یاسایی گەرەی لەسەر بوو بەوەی کە ئایا بە هەرێمێکی داگیرکراو دادەنرێت یاخود نا. هەرچەندە پێش تەواوبونی جەنگ بەشێی ڕۆژئاوای هەرێمەکە بە تەواوی داگیر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کرا، بەلام بەشی رۆژئاوای کە ناوەندی ولایەتەکەی لێبوو لەدوای ئاگربەستی مۆدرۆسی داگیر کرا. ئاگربەستی مۆدرۆس و خۆبەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٨ بوو، بە ٣٠ رۆژ دواتر ناوەندی شاری مووسڵ داگیرکرا. لێرەدا بریتانیەکان بەپێی یەکێك لە بەندەکانی رێکەوتنەکە داگیرکاریەکەیان ئەنجامدا. ئەو بەندە دەیوت، کە هەر خالێك هاوپەیمانەکان بە پێویستی بزانن دەبێت دەوڵەتی عوسمانی رادەستی بکات. کەواتە هەرێمەکە داگیرکرا بە بێ ئەوی لە کاتی شەردا داگیر کرابێت. ئەمەش نەدەچووە ژێر ئەو پێناسەیەی کە پەیماننامەی لاهای لە مادەی ٤٢ بۆ هەرێمی داگیرکراوی دادەنێت کە پێویستە هەرێمەکە لە کاتی جەنگدا داگیر کرابێت[٧].

بە درێژایی سالانی ١٩١٨-١٩٢٥ بریتانیا کە حوکمی داگیرکارییەکەی لەژێر پرسیاردایە، گەمەیەکی سەرسورهێنەر بە چارەنوسی باشری کوردستان دەکات. لەکاتێکدا دەوڵەتانی ناوچەکە هەریەکەو بە شێوازێك چارەنوسیان دیاری دەکرێت، بەلام باشوری کوردستان بە مۆلەقی بریتانیەکان دەیهێلنەوە. هەریەك لە عێراق و سوریاو ئەردەن و لوبنان و فەلەستین دەخرێتە بەر یاسای ماندات لە کۆنگرەی سانریمۆ لە ١٩٢١، هەروەها تورکیای بە بەشێکی کوردستانەوە بە پێی پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣ دەبێت بە دەوڵەتی جێگرەوی دەوڵەتی عوسمان، بەلام بریتانیا بەچەند شێوەیەك وازی بە چارەنوسی باشوری کوردستا دەکات بەم شێوەیە:

یەکەم: لە ساڵی ١٩١٨ شێخ مەحمودی حەفید دەکات بە "حوکمار"[٨] لە بەشی رۆژئاوای زابی بچوك و سلێمانی دەکات بە ناوەندی حوکمەتەکەی. بەلام کاتێك پەیوەندی نێوان شێخ مەحمودو بریتانیا تێك دەچێت لە ١٩١٩، شێخ دەستگیر دەکرێت و لە دەسەلاتی حوکمداری دوردەخرێتەوە بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك لەشوێنی دابنێن. بە واتا ئەو دەسەلاتی بریتانیا لە ناوچەکەدا دایمەزراند، بۆ شێخ بوو نەك بۆ ئیدارەیەکی کوردی. بەرۆشتنی شێخ دەبوو ئەو ئەو نازناوە بەکەسێکی تر بدرایە تا ئەو شێوە حوکمە بەردەوام بێت بەلام ئەم کارە نەکرا. بۆیە ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئەوەی بریتانیا لە سنوری ناوچەی سلێمانیدا کردویەتی سیاسەتی رۆژو تاکتیك بووە نەك ستراتیجێك بەرامبەر بە دامەزراندنی ئیدارەیەك بۆ کورد.

دووەم: دوابەدوای حوکمدارێتی، سیستەمی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد پێشنیار کرا. ئەم سیستەمە سەرەتا لە پەیماننامەی سیڤەر لە١٢ی ئۆگستۆسی ١٩٢٠ بۆ کوردستانی باکور پێشنیار کرا. لە مادەی ٦٢ بە ناوی Local Autonomy[٩]. دواتر لەسەر بنەمای پەیماننامەکە، هەوەها لەسایەی مادەی ٢٢ لە گەلاڵەنامەی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بە هێنانەکایەی سیستەمی ماندات[١٠]، بریاری ماندات لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ ناوچەکە خرایە بواری جێبەجێکردن. بریتانیا بە پێی قەوالەیەکی جیا بەجیا، ناوچەی میزۆپۆتامیاو فەلەستینی بەرکەوت لە ١٩٢١[١١].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەبەر ئەوەی چەمکی میزۆپۆتامیا چەمکێکی روون نەبوو کە سنورەکەی کوێ دەگرێتەوە، هەروەها لە قەوالەکەدا بە هیچ جۆرێك باسی کوردو ناوچە کوردیەکانی نەکردبوو. بۆیە لە کۆنگرەی قاهرەدا کە بریتانیا بەستی بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی میسۆپۆتامیا لە ١٩٢١، ولایەتی بەغدادو بەسرە بە تەوای بریاری لەسەر درا بۆ ئەوی ببێتە دەوڵەتێك بەسەرۆکایەتی مەلیك فەیسەڵو لەژێر دەسەلاتی مانداتی بریتانی. هەرچی تایبەت بوو بە باشوری کوردستان، لەو کۆنگرەیەدا بریار لەسەر بە دەسکاری قەوالەکەی ماندات لە میزۆپۆتامیا درا بە جۆرێك برگەی ١٦ ی بۆ زیاد کرا کە دەڵێت، "هیچ بەربەستیك نییە لەبەردەم ئەم قەوالەیەدا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کارگێری خۆبەخۆ an autonomous system of administration بۆ ناوچەکانی کە زۆرینەیان کوردن لە بەشی باکوری میسۆپۆتامیا بەو شێوەیەی کە بەباش بزانرێت" [١٢]. هەر ئەم دەقە خرایە ناو ناو قەواڵە عەرەبیەکەوە[١٣] .

چەمکی autonomous لە لای بریتانیەکان چەمکێکی نارون نەبوو، بەڵکو خودی بریتانیەکان ئەم چەمکەیان جێبەجێکردبوو لە داگیرگەکانیان لە کەنەداو ئوستڕالیاو نیوزلەنداو باشوری ئەفریقا لە سەدەی نۆزدە بەدواوەو دواتر لە سایەی ئەم جۆرە بەرێوەبردنەدا هەریك لەو دەڵەتانە سەبەخۆیی بەدەست هێنا تا ناوەراستی سەدەی بیستەم[١٤]. بۆیە بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ باکوری کوردستان لە پەیماننامەی سیڤەرو قەواڵەی مانداتی بریتانی لە میزۆپۆتامیادا[١٥]، دەستکەوتێکی گرنگ بوو نەتەوەی کورد. بەلام گرفتەکەی ئەوە بووپەیماننامەی سیڤەر نەچووە بواری جێبەجێکردن، لەبەر ئەوەی دەڵەتی عوسمانی هێزی جێبەجێکردنی پەیماننامەکەی لەبەر بڕابوو. بۆیە هاوپەیمانان لەگەڵ هیزێکی تر رێکەوتن لە ناوچەکە کە سەرانی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بوون بە پێی پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣ کە بەهیچ جۆرێك باسی دەسەلاتی کوردی تیادا نەکرابوو. هەروەها لە قەواڵەی ماندااتتدا مادەی (١٦) بەپێچەوانەی برگەکانی تری قەواڵەکە، پابەندی "التزام" تیا نبە، بەڵکو برگەیەکی سەرپشکی "اختیاری"یە. ئەم برگەیەش لە لایەن ئیدارەی ماندااتی بریتانی لە عیراق نەخرایە بواری جێبەجێکردن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە عێراقدا[١٦].

هەرچەندە نەرێکەوتنامەی سیڤەر چووە بواری جێبەجێکرد، وە نە مادەی ١٦ لە قەواڵەی ماندای ساڵی ١٩٢١ چووە بواری جێبەجێکردن، بەلام ئەمە لە بایەخی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە سایەی دوو بریاری نێودەوڵەتی وەکو سیڤەرو ماندات، کەم ناکاتەوە. چونکە ئەو دوو پەیماننامەیە بونەتە بنەمای چەندین یاسای نێودەوڵەتی تر. سیڤەر بۆتە بنەمای دەرکردنی بریاری ماندااتی ١٩٢١. لەسەر بنەمای بریاری ماندااتی ١٩٢١، دەوڵەتی عێراقی پێکهاتووە، دواتر عێراق سەربەخۆیو بونی بە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی لە کۆمەڵەی گەلانو نەتەو یەکگرتوەکان، لەبەر بنەمای سیڤەرو ماندات بووە. بۆیە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کە لەو دوو سەرچاوە یاساییە نێودەوڵەتیەدا هاتووە، مافێکی شەرعی یاسای نێودەوڵەتییەو پەردەپۆش کراوەو دەتوانرێت زینوو بکرێتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

## دووەم: ماندات‌و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی (١٩٢٥-١٩٣٢)

ساڵی ١٩٢٥، ئەو ساڵە بوو کە کۆمەڵەی گەلان بەرامبەر بەچەند مەرجێك، بڕیاریدا ولایەتی مووسڵ (کە زۆرینەی ڕەهای باشوری کوردستانی دەگرتەوە) بخرێتە سەر عێراق. مەرجەکان بریتی بوو لەوی کارگێری لۆکالی لە ناوچە کوردیەکان جێبەجێ بکرێت‌و عێراق‌و کوردستان بۆ ماوەی بیست‌و پێنج ساڵ لەژێر حوکمی ماندات‌ا بن. بریتانیاو عێراق بەم مەرجانە ڕازی بوون. بەلام کە ساڵی ١٩٣٢ تێپەڕی، ناوچەی کارگێری بۆ کورد دروست نەکرا. هاوکات بریتانیا کۆتایی بە ماندات لە عێراق هێناو باشوری کوردستانی ڕادەستی عێراقێکی سەربەخۆ کرد بە بێئەوەی برینتانیا هیچ بەرپرسیارێتییەك لە ئەستۆ بگرێت.

کاتێك ڕێکەوتنامەی لۆزان لە ١٩٢٣ لە نێوان تورکیای کۆماری‌و هاوپەیمانان گرێدرا، ولایەتی مووسڵ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە لەنیوان بریتانیاو عێراق لە لایەك‌و تورکیا لە لایەکی تر. دواتر کێشەکە ڕادەستی کۆمەڵەی گەلان کرا. کۆمەڵەی گەلان لە ٣٠ سێپتەمبەری ١٩٢٤ لیژنەیەکەی بێلایەنی پێکهێنا. ئەم لیژنەیە دوای سەردانی ویلایەتەکە چەند ئەنجامێکی خستە بەردەست کۆمەڵی گەلان کە کورتەکەی لە دووخاڵداو لەژێر ناوی (پوختەی کۆتایی) کۆکردبووە:

١. پێویستە ناوچەکە بۆ ماوەی بیست‌وپێنج ساڵ لەژێر ماندات‌ی کۆمەڵەی گەلاندا بمێنێتەوە.

٢. پێویستە ڕەچاوی داواکاریەکانی کورد لەبارەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ‌و موڵکەکانیان بکرێت. هەروەها ڕێکخستنی کاروباری دادگاو فێربون لە قوتابخانەکاندا بگرێتەوەو زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لەوکاروبارانەدا. لیژنەکە ڕای وایە ئەگەر چاودێری کۆمەڵەی گەلان لەدوای تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ-عێراقی کۆتایی هات‌و کوردەکان بەڵێنی ئەوەیان دەستنەکەوت کە کارگێریەکی خۆجێییان دەستکەوێت، ئەوا زۆرینەی خەڵکەکە حوکمی تورکی لە عەرەبی بە باشتر دەزانن[١٧].

ئەم پێشنیارە بو بە بنەمای بڕیاری کۆمەڵی گەلان کە لە ١٩ی دیسەمبەری١٩٢٥ بەم شێوەیەی خوارەوە پەسەند کرا:

١. هێڵی برۆکسل دەبێتە سنووری نێوان تورکیاو عێراق.

٢. داوا لە بریتانیا دەکرێت کە لەماوەی شەش مانگدا ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ-عێراقی بخاتە بەردەست کۆمەڵی گەلان کە تیایدا ماوەی ماندات‌ی بریتانی بە بیست‌وپێنج ساڵ دیاری کرابێت.

٣. بریتانیا بەسیفەتی ئەوەی کە دەوڵەتی مانداتە، داوای لێدەکرێت کە ئەو رێوشوێنە کارگێریانەی وەك گرەنتیەکی پێویست بەرامبەر کوردەکان دەیگرێتەبەر، بیخاتە بەردەستی ئەنجومەن(واتە ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان) بەو شێوەیەی کە لە لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی (مەبەستی لیژنەکەیە) سەبارەت بە کارگێریی خۆجێیەتی باسی کردووەو وەك راسپاردەی کۆتایی بڕیاری لەسەر داوە(١٨).

٤. پێویستە بریتانیا راسپاردە تایبەتەکانی لیژنەکە، کە سەبارەت بە ئاسایشو کەمایەتی ئاینیو کاروباری بازرگانییە، جێبەجێ بکات(١٩).

ئەم بڕیارە لەیەکەم کاردانەوەیدا بوو بەهۆی بەستنی رێکەوتنامەی ئەنگلۆ عێراقی ساڵی ١٩٢٦، بەپێی ئەو رێکەوتنامەیە، وەك لە دیباچەکیدا هاتووە، هەردوو دەوڵەتی بریتانیو عێراق" بەتەواوەتی مەرجەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان جێبەجێ ئەکەن"(٢٠).

دواتر لەهەمان ساڵدا واتە١٩٢٦ تورکیاو عێراق رێکەوتنیان مۆر کرد بەوپێیە عێراق بەهۆی کێشەی مووسڵەوە سنووری خۆی دیاری کرد. ئەم سنور دیاریکردنە، پاش دانوستانێکی چەند مانگی لەنێوان تورکیاو بەریتانیاو عێراقدا لە (٥ی یونیوی ١٩٢٦)دا، یەکەم ڕێکەوتن لەنێوان عێراقو تورکیا واژۆکرا(٢١)، کە بە پێی رێکەوتنەکە تورکیای کۆماری بەتەواوی دەسبەرداری ولایەتی مووسڵ بوو، کە ئەمە دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ باشوری کوردستان کە موڵکایەتی باشوری کوردستانی لە دەست تورك درهێنا.

لەم بڕیاری کۆمەڵەی گەلاندا، دوو مەرجی سەرەکی جەختی لەسەر کراوە کە یەکەمیان بۆ ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەم ویلایەتەی وەرگرت ئەوا پێویستە منداتی بریتانی بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ بمێنێتەوە. بریتانیا پێویستەو دەبێت پابەند بێت کە بۆ ماوەی بیستوپێنج سال لەناوچەکەدا بمێنێتەوە تا ناوچەکە لەسەرجەم لایەنی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیری سیاسییەوە ببوژێنێتەوە. ئەم پابەندیەش بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە بڕیارە لە نێوان بریتانیاو عێراقدا ئەنجام بدرێت سیفەتێکی بەردەوامیو ئایندەیی دەبێتو پێویستە عێراقیش پێوەی پابەند بێت. دانانی مەرجی بیستوپێنج ساڵی منداتی بریتانی لە ویلایەتی مووسڵو عێراق بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لیژنەکە بە راشکاوی لە برگەی (ج) دەرئەنجامەکان بە ناوی (خواستی خەڵك) ئەوەی خستبووە روو کە " هەڵوێستی زۆرینەی خەڵك بە خۆشحاڵیەوە بۆ سودمەند بوون لە هاریکاریی راستەقینەی منداتو ئیعتبارە ئابوورییەکان، زۆر زیاتر بوو لە هەستکردن بە چونەپاڵی دەوڵەتێکی عەربی"(٢٢)، ئەمەش نارەزایی خەڵك بەرامبەر بە زاڵبوونی دەسەلاتی عەرەبی یان تورکی لە ولایەتەکە دەگەیەنێتو هاوکات لایەنگرییان بۆ مندات دەردەخات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خاڵی دووەم کە جەختی لەسەر کراوەتەوە کارگێڕیی خۆجێیەتییە (الادارە المحلیە Local Administration) بۆ کوردەکان، کە لیژنەکە لە لایەكو هەروەها بڕیاری کۆمەڵی گەلان لەلایەکی تر جەختی لەسەر کردۆتەوە.بە واتایەکی تر باشوری کوردستان بە فەرمی چووە ژێر سیستەمی مانداتی بریتانی لە عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بەلام پێویستە لەم ماوەیەدا ناوچە کوردیەکان کاگێڕی خۆجێیەتییان هەبێت.

چەمکی کارگێری خۆجێیی واتا دابەشکردنی دەسەلاتە کارگێریەکان لە نوان ناوەندو هەرێمەکان. بەوەش جیا دەکرێتەوە لە حکومەتە خۆجێیەکان کە ئەمانەی دوای دابەشکردنی دەسەلاتی هەردوو دەسەلاتی کارگێری‌و سیاسیە[٢٣]. بەواتا کاگێری خۆجێیەتی سیستەمێکی ناوەندییە کە نزیکە لە ئۆتۆنۆمی، بەلام حکومەتی خۆجێیی زیاتر لە سیستەمی فدرالیدا بەدی دێت. هاوکات کارگێری خۆجێیەتی لە لایەن بریتانیاوە چەمکێکی رون‌و ئاشکرا بوو. واتا هیچ لێلیەکی هەلنەدەگرت. ئەم شێوازە لە دەسەلات لە ناو خودی بریتانیادا پەیرەو کراوە بە تایبەت لە ناوەراستی سەدەی نۆزدە لە نێوان لەندەن‌و ناوچەکانی دەوروپشتی. کە خاوەنی ئەنجومەن‌و کارگێری‌و دادگاو تەندروستی‌و ڕێگاوبانی تایبەت بە خۆیان بوون[٢٤]. هەر لە خاڵی (٢) ڕاسپاردەی لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان لە بەوردی دەسەلاتی کارگێری خۆجێیەتی روون کردۆتەوە بەشێوەیەك کوردەکان دەسەلاتی دادوەری‌و کارگێری‌و پەروەردەو زمانی کوردییان هەبێت. بەلام کوردەکان لە ماوەی مانداتی بریتانی نەبونە خاوەنی کارگێری خۆجێیی‌و هیچ یاساو ڕێسایەك لە لایەن مانداتی بریتانی‌و دەوڵەتی عێراقییەوە دەرنەکرا. هەر لەم بارەیەوە کاربەدەستێکی بریتانی رایگەیاند، " ئیمە نامانەوێت لە نزیك سنوورەکانی ئێمە و لە خاکەکەماندا هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی حوکمی زاتی بدەینە کورد، ئەوەی ئێمە کردوومانە، لە بەکارهێنانی زمانەکەیان‌و دامەزراندنی فەرمانبەری کورد تێپەڕ ناکات"[٢٥]. بۆیە بریتانیا بەبەرپرس دادەنرێت کە مافی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی لە سنووری دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە دامودەزگا کارگێرییەکان‌و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا قەتیس کرد. ، ئەمەش لەڕاپورتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ کۆمەڵی گەلان پێداگری لەسەر کرابوو کە لە ڕێکەوتی ٢ی مارتی ١٩٢٦ کە تیایدا هاتبوو: گەروەترین بەلگە لەسەر بەهەند وەرگرتنی ئاواتەکانی کورد لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە ، ئەوەیە کە هەموو هۆکارە پێویستەکان بۆ پێشخستنی ئەدەبی کوردی‌و ئاواتەکانیان لە سنوری دەوڵەتی عێراقیدا فەراهەم بکات"[٢٦].

لە بەرامبەر پیلانە هەرێمی‌و نێودەولەتییەکاندا، کورد هیوایەکی زۆری بە بڕیاری کۆمەڵی گەلانی ساڵی ١٩٢٥ هەبوو، هەربۆیە لەماوەی نێوان سالانی (١٩٢٦-١٩٣٠) بەردەوام داوای پابەندیان لە عێراق‌و بریتانیا دەکرد سەبارەت بەو مەرجانەی کە کۆمەڵی گەلان بۆی دانا بوون, گرنگترینیان داوای چەند ئەندام پەرلەمانێکی کورد بوو لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێری لە کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێر کە لە لایەن کەسێکی کوردەوە بەڕێوە ببریت[٢٧]. بەلام کاتێك گوێبیستی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕێکەوتنی٣٠ی یۆنیۆی ١٩٣٠ بریتانی- عێراقی بوون، توشی شۆکبوون هاتن، چونکە بەو پێیە بریتانیا دەسبەرداری ماندات لە عێراقدا دەبێتو عێراقیش دوای دووساڵ سەربەخویی تەواوەتی وەردەگرێتو دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بەبێ ئەوەی بە مەرجەکانی کۆمەڵی گەلان پابەند بێت. هاوکات عێراقو بریتانیا وایان لە کۆمەڵە گەیاند کە لە ماوەی ١٩٢٦-١٩٣٠ کوردەکان تەواوی مافی خۆیان لە عێراقدا دەسگیر بووەو ئەو بوژاندنەوەی کە وا بڕیار بوو ماندات لە ماوەی بیستو پێنج ساڵ بیکات، لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بووە. ئەمە وایکرد کە کورد بکەونە خۆو لە کردنەوەی راپۆرت بۆکۆمەڵی گەلان بەرزبکەنەوە. دواتریش لە ساڵی ١٩٣٠ پەنایان بۆ راپەرینی ٦ی ئەیلول برد کە تیایدا شەش کەس بە دەستی هێزو ناوخۆیەکانی عێراق شەهید بوون. هەر بۆ ئەم مەبەستەو وەك سڵکردنەوەیەکی بریتانیا، مەندوبی سامی بریتانی لە عێراق، لە نووسراوێکدا بۆ کۆمەڵی گەلان لە ١٣ ئۆکتۆبەری ١٩٣٠ ئەوەی خستە روو کە کۆمەڵی گەلان پێویستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی رەت بکاتەوە چونکە کورد ئەزمونی خۆبەرێوەبردنیان نیە. ئەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی پابەندی بریتانی بوو لەبەرامبەر دامەزراندنی کلرگێری خۆجێیەتی، کە کۆمەڵەی گەلان بە پێویستی دانابوو کە بریتانیا لە عێراق بۆ کوردی ئەنجام بدات. لەوە زیاتر، مەندوبی سامی خاڵێکی تری باس کرد کە کورد بەهەڵە لە بڕیاری ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان گەیشتونو بەو هیوایەن کە لەسەر بنەمای بڕیارەکە دەوڵەتی کوردیان بۆ دادەمەزرێنرێت، لەبەر ئەوە هۆشداری دا، ئەگەر ئەو بیرە راستنەکرێتەوە ئەوا نارەزایی خوێناوی لە باکووری عێراقدا بەردەوام دەبێت. ئەمە وایکرد کە کۆمەڵی گەلان لەژێر رۆشنایی روونکردنەوە بریتانیا ئەم بڕیارەی خوارەوە بدات:

١. رەتکردنەوەی داخوازی سەرکردە کوردەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان.

٢. داوا لە هێزی ماندات دەکرێت کە جەخت لەسەر رێوشوێنە یاساییو کارگێرییەکان، کە بۆ کورد دیاری کراون، بکاتەوەو بە خێراییو بە شێوەیەکی گونجاو جیبەجێی بکات.

٣. چاوخشاندنەوەو هەڵسەنگاندن بەئیمکانیاتی ئەو رێوشوێنانە بکرێتەوە کە زامنی باشکردنی بارو گوزەرانی کورد دەکەن، لە بارێکدا ئەگەر عێراق رزگاریی لە مانداتی بریتانی بەدەست هێنا[٢٨].

بریتانیا بۆ پیشاندانی پابەندی خۆی بە ریباری کۆمەڵەی گەلان، لەبری ئەو مافی خۆبەرێوەبردن، لە ١ی ژۆنیۆی ١٩٣١ یاسای ژمارە ٧٤ی زمانە لۆکاڵیەکانی دەرکرد (قانون اللغات المحلیە). بەپێی یاساکە کورد مافی ئەوەی دەکەوێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە کوردی بخوێننو فەرمانبەرانی سنوری ناوچە کوردیەکان پێویستە زمانی کوردی بزانن. ئەم یاسایەش تەنها هەڵێرو سلێمانی گرتەوەو مووسڵو کەرکوکی لیدەرکرا[٢٩]. لەگەڵ هەبونی ئەم یاسایەشدا، سالانی سیەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەدەی بیست تێپەری کرد ژمارەی فەرمانبەرە کوردەکانی ناوچە کوردیەکان کەمتر بوون لە فەرمانبەرە ناکوردەکان بەجۆرێك فەرمانبەری کورد ژمارەی ٣٢٤ فەرمانبەر بوو بەلام ناکوردەکان لە ناوچەکوردیەکان ژمارەیان ٤٠٧ فەرمانبەر بوو[٣٠].

لە رۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٣٢ لیژنەیەك پێکهات بۆ کۆتاییهێنان بە مانداتی بریتانی لە عێراق، ئەم لیژنەیە پێنج مەرجو حەوت گەرەنتی لە عێراق داوا کردبوو. خالّی یەکەمی گەرنتیەکان تایبەت بوو بە پارێزگاری لە کەمایەتیی رەگەزیو زمانو ئاینی[٣١]، ئەوە بوو لە ٥ی مایوی ١٩٣٢، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بە دوو یاداشت وەلامی فەرمی کۆمەڵەی گەلانی دایەوە. یاداشتی یەکەمیان تایبەت بوو بە گرەنتیەکانو یاداشتی دووەمیان تایبەت بوو بە ئمتیازاتە نێودەوڵەتیەکان. لەسەر بنەمای ئەم یاداشتە لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٢ عێراق بوو بە ئەندام لە کۆمەڵی گەلانوسەربەخۆیی وەرگرت.

یاداشتی یەکەم لە دە مادە پێکهاتبوو. مادەی یەکەم دەڵێت: مەرجە دیاریکراوەکانی ناو ئەم بەشە وەك یاسا بنەرەتیەکانی عێراق دانی پیادەنرێتو نابێت هیچ یاساو سیستەمو کارێکی فەرمی دژ یان بەرامبەر ئەم مەرجانە بوەستێتەوە، هەروەك نابێت هیچ یاساو سیستەمو کارێکی فەرمی نە لە ئێستاو نە لە داهاتوودا پێشێلی بکات. لە مادەی چوارو پێنجدا هاتوو عێراقیەکان بەبی جیاوازی رەگەزو زمانو ئاین لەبەردەم یاسادا یەکسانو بەبی سانسۆر هەموو مافێکی مەدەنیو سیاسیان هەیە. لە مادەی هەشتەم لە برگەی دووەمدا هاتووە ، لەو ناوچانەی کە بەشێکی گەورەیان سەر بەکەمایەتیی رەگەزیو ئاینیو زمانن، بەشێکی دادپەروەرانەیان لە دارایی گشتی هەیە. لەمادەی نۆیەم برگەی یەکدا هاتووە، لەو قەزایانەی سەر بە لیواکانی مووسڵو هەولێرو کەرکوكو سلێمانینو زۆرینەیان کوردن پێویستە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی فەرمی بێت.لە کەرکوکیشدا بۆ تورکمانەکان زمانی تورکی بەکار بێت. هەروەها لە برگەی دوودا هاتووە کە فەرمانبەری ئەو قەزایانە پێویستە خەڵکی ناوچەکە بنو بەلام پێویستە پێوەری لێهاتویی زمان بێت نەك رەگەز, لە مادەی دەیەمدا هاتووە، مادەکانی ئەم یاداشتە کە سەبارەت بە کەمایەتییەکانن وەك پەیمانامەیەکی نێودەوڵتی دادەنرێتو کۆمەڵی گەلان زامنی جێبەجێکردنی ئەو مادانەیە.[٣٢] هەموو ئەم یاداشتەش بوو بە یاسایەك بەناوی ( قانون الاساسی) کە بەرامبەر چەمکی دەستورە لە ئێستادا.

بەمەش بریتانیا لە سایەی مانداتی خۆی بەتەواوی خۆی دزیەوە لە مافی کارگێری خۆجێیەتی، لە پەرەپێدانی ناوچە کوریەکان بە پێی باوەریماندات بۆ ماوەی بیستو پێنج ساڵ، لە رادەستکردنی فایلی کوردی بە عێراقێکی نەخەملێو لەروی سیاسیو ئاوریو کارگێریو رۆشنبیریو مافی هاولاتیبونەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## تەوەرەی سێیەم: بریتانیاو کەوتنە داوی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بریتیە لە پێشێلکردنی پابەندی نێودەڵەتییەکان لە لایەن دەوڵەتێکەوە، کە پێویست دەکات کە لێپێچینەوەی یاسای لەگەلدا بکرێت بەهۆی ئەو زیانەی کە بە دەوڵەتی بەرامبەری گەیاندووە[٣٣]. یاخود بەرپرسیاری نێودەوڵەتی ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە دەوڵەت پابەند دەکات کاتێك کارێکی ناشەرعی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات بەرامبەر دەوڵەتێکی تر. کە رێگە دەدات بە دەوڵەتی زەرەرمەند داوای چاکسازی زیانەکە بکاتو گرەنتی بۆ داهاتوو وەربگرێت[٣٤].

هەرچی کاری نا شەرعییە پێناسە کراوە بەپێشێلکردنی دەوڵەت بۆ یەکێك لە پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی کە ئەو پابەندیانە پەیماننامە بێت یاخود نەریت یان باوەرە گشتیەکانی یاسا بێت. بە واتایەکی تر پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان سەرچاوە یەکەمینەکانی یاسای نێودەوڵەتین. هەر کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی پێشێلی بکات ئەوا بە کارێکی نامەشروع دادەنرێتو بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوبێتە سەر شان[٣٥].

بەرپرسیارێتی نیودەوڵەتی دوو جۆرە، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی راستەوخۆ، بەمانای کە دەوڵەت راستەوخۆ پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی پێشێل کردووە. جۆری دووەم بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ناراستەوخۆیە کاتێك کە دەوڵەتێك بەرپرسیاری نێودەوڵەتی ئەو دەوڵەتە دەگرێتە ئەستۆ کە وابەستەی ئەوەو پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیە گشتیەکانی کردووە. وابەستەیی چەند جۆرێکە یەکەمین حمایە، دوومیان وصایە، سییەمیان مانداتە[٣٦]. کەواتە دەوڵەت بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ، کاتێك کارێکی نامەشروع ئەنجام بدات بە شێوەی راستەوخۆ لە سنوری دەڵەتەکەی خۆی، یاخود ناراستەوخۆ لە داگیرگەکانی کە سیفەتی وصایە یاخود الحمایە یان ماندات یاخود داگیرکاری هەیە[٣٧].

بەپێی ئەم راڤانەی سەرەوە بریتانیا بەرپرسیارە بەرامبەر بەو پێشێلکارە یاساییە نێودەوڵەتیانەی کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وەك دەوڵەتی ماندات لە عێراقدا بەرامبەر بە باشوری کوردستان ئەنجامیداوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. لەگەڵ ئەوەی بریتانیا لەبەرامبەر دابەشکردنی کوردستان لە رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ بەرپرسیارەو کوردستانی لە مافی چارەنوس بێبەشکردووەو، بەلام لەبەر ئەوی ئەو رێکەوتنە بە قۆناغەکانی پەیماننامەکان تێنەپەریوە کە بریتیە لە قۆناغی گفتوگۆ Negotiation، قۆناغی واژۆSignature ، قۆناغی تەصدیقRatification ، کەواتە پابەندیەکی هاوشێوەی رێکەوتنامەو بریارە نێەدەڵەتیەکان بۆ بریتانیا پەیدا ناکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینەوەی کوردی

٢. بریتانیا پابەندییەکی نێودەوڵەتی بەرامبەر بریارە نێودەوڵەتیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی ١٩٢١و ١٩٢٥ تایبەت بە ماندات لە عێراقدا. لە هەردوو بریارەکەدا مافەکانی کوردی پێشێل کردووە لە بابەت ئۆتۆنۆمیو کارگێری خۆجێیەتی باشوری کوردستان. بەو پێیە بریتانیا کارێکی ناشەرعی ئەنجام داوەو سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتیەکانی کردووە بۆیە بریتانیا بەرپرسیارە لەبرامبەر لێپچینەوەی نێودەوڵەتی.

٣. عێراق لە ماوەی (١٩٢١-١٩٣٢) دەوڵەتێك بووە کە سەروەری ناتەواو بووەو بریتانیا لە عێراق بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆی ئەو دەوڵەتە بووە. بۆیە بریتانیا نەك عێراق، بەرپرسیارە لەبەرامبەر  هەر تاوانێکی مادیو مەعنەوی بەرامبەر بە کورد کرابێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن بریتانیا دەکەوێتە داوی بەرپرسیارەێتی نێودەوڵەتییەوە؟

بریتانیا بەرامبەر پابەندی عێراق بە پیی بەیاننامەی ٥ی مایوی ١٩٣٢ دەسبەرداری مافەی ئۆتۆنۆمی کورد دەبێت کە لە ساڵی ١٩٢١و ١٩٢٥ لە لایەن کۆمەڵەی گەلان دیاریکاوە. واتە دەستوری عێراقی دەکات بە زامنی پاراستنی کورد. بەلام دواتر لە عێراقدا کورد توشی کۆمەڵکوژیو راگواستن دەبێتەوە. ئەمەش بریتانیا بۆ دوای ساڵی ١٩٣٢ بەرپرسیار دەکات لەوەی بەهەڵدا چووە لە دروستکردنی دەوڵەتێك کە مافی کەمینەکانی تیادا پارێزراو بێت. بەرای بریاردەری کۆمەڵەی گەلان مسیۆ مارنکۆفیچ کە  لە میانی گفتوگۆکانی کۆمەڵەی گەلاندا لە ١٨ی یەنایری ١٩٣٢ ئاماژەی پێداوە: "ئەگەر سەلێنرا عێراق جێگای متمانە نەبوو لەبەرامبەر ئەو بەڵێنانەی لە لە بەیاننامەکەیا داویەتی، ئەوا بەێگومان تەبەعاتی ئەدەبی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی خاونشکۆی بریتانی"[٣٨].  هەر لەم بارەیەوە بریتانیا دوو جار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی بەوەدا ناوە کە کوردەکان لە لە سایەی حکومەتی عێراقدا دەچەوسێنرێنەوە. یەکەمیان لە میانی دەرچونی بریاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی ئەپریلی ١٩٩١،  وەك بریارێکی نێودەوڵتی، بریتانا دەنگی لەسەر داوە.  بە پێی بریارکە، ناوچە کوردییەکان توشی چەوساندنەوەو ئازاری جەرگبڕ بونەتەوە بە جۆرێك  هەرەشە لە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵتی لە ناوچەکەدا دەکات[٣٩].  هەر لەسەر ئەم بنەمایە جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا (١٩٩٠-١٩٩٧) لە ٨ی ئەپریلی ١٩٩١ لە کۆبونەوەی بەپەلەی سەرکردەکانی کۆمەڵی ئەوروپی (EC) پێشنیاری (ناوچەی پارێزراو-Safe Haven) بۆ هەرێمی کوردستان کردو دواتر لە لایەن هێزێکی نێودەوڵەتی کە خودی بریتانیا تیایدا بەشدار بوو هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٣ پارێزبەندی لێکرا[٤٠].

لە لایەکی تر لە میانی پرۆسەی روخانی رژێمی عێراقیدا، تۆنی بلێر سەرۆکی حکومەتی بریتانی (١٩٩٧-٢٠٠٧)  لە پەرلەمانی بریتانیدا لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٢ راپۆرتێکی پێشکەش کرد کە تیایدا لە لەژێر ناوی "چەکی کۆمەڵکوژی عێراقی، هەڵسەنگاندنی حکومەتی بریتانی"  کە تیایدا لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەژێر ناونیشانی، چەوساندنەوەی ناوخۆیی-کوردو شیعە، برگەی ٦-١٠ تەرخانکراوە بۆ کیمیا برانکردنی هەڵبجەو پپرۆسەی ئەنفالو کۆرەوەی مارتی ١٩٩١. کە تیایدا حکومەت دان بە رەشەکوژکردنی کورد لە عێراقدا دەنێت. دان وەدا دەنێن کە لە هەڵبجە ٥٠٠٠ کوژراوە لە پرۆسەی ئەنفال ١٠٠,٠٠٠ کەس سەرنگوم کراوە. لە ساڵی ١٩٩١ زیاتر لە یەك ملیۆن کورد هەڵهاتون بۆ چیاکان لە ترسی عێراق، لە کەرکوکدا لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٢، ٩٤,٠٠٠ کوردو تورکمانی شاربەدەر کراونو مولكو زەویوزارەکانیان دراوە بە عەرەبە هاوردەکان.[٤١].

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویە یاساییەی پێشوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە رێگەی بەدەستهێنانەوەی ئەو مافە یاساییە نێودەوڵەتیانەی کە بە دەستی هێناوە بگات بە سەربەخۆییو پرسی کورد لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ شەرعیەتی دەستوری عێراق ، شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.

بریتانیا بە مەبەست لایداوە لە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە ١٩٢١. هاوکات بە نەبەست باشوری کوردستانی خستۆتە سەر عیراق، پێشی وابووە کە دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٣٢ دەستورێکی هەمیشەیی دەبێو مافی کورد بۆ هەتاهەتایە دەپارێزێت، بەلام بە شاهیدی بریاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتوەکانو بە شاهیدی سەرۆك وەزیران جۆن مێجەرو تۆنی بلێر، کورد لە عێراقدا چەوسێندراوەتەوەو رەشەکوژ کراوە. کەواتە بریتانیا کاریچکی ناشەرعی ئەنجام داوەو بەرپرسیارە لە راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە.

راستکردنەوی هەڵەی ناشەرعی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، بەوە دەبێت کە کوردستان جارێکی تر مافی ئۆتۆنۆمی پێبدرێتەوە لەژێر سایەی دەسەلاتی داگیرکەردا. بەلام بەپێچی بریاری ١٥١٤ی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان سیستەمی داگیرکاری لە جیهاندا بنەبرکراوە، بۆیە ئەو گەلانەی کە لەژێر سایەی سیستەمی ئۆتۆنۆمیدابوون سەرجەمیان سەربەخۆییان وەرگرت. بەم پێودەنگە، کوردستان باشوری کوردستان لە حاڵەتی ئۆتۆنۆمی لەژێر سایەی داگیر کەر دەچێتە حالەتی سەربەخۆیە. ئەمەش ئەو شەرعیەتەیە کە باشوری کوردستان هەیەتی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بە پێی یاسا نێودەڵەتیەکان.

لە لایەکی تر باشوری کوردستان ئەو خاکەیە کە سنورەکەی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دیاریکراوە. دەوڵەتی عوسمانی کە خامەنی فەرمی ئەم خاکە بوو لە رێکەوتنامەی سیڤەر لە ١٩٢٠ دەستبەرداری بووە. بە پێی رێکەوتنامەی نێوان تورکیاو عێراق لە ١٩٢٦، تورکیای کۆمای کە جێگرەوی دەوڵەتی عوسمانییە بەهەمان شێوە، دەسبەرداری بووەو هیچ مافێکی یاسایی بەسەر ئەم خاکەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

نەماوە. هاوكان بەياننامەى عێراقى ١٩٣٢ بۆ كۆمەڵەى گەلان سنورى ناوچە كورديەكانى ئەم خاكەى ديارىكردووە. لە ياداشتى يەكەم لەمادەى نۆيەم برگەى يەكدا هاتووە، لەو قەزايانەى سەر بە ليواكانى مووسڵو هەولێرو كەركوكو سليمانينو زۆرينەيان كوردن پێويستە زمانى كوردى لەپاڵ زمانى عەرەبيدا زمانى فەرمى بێت. ئەمش ديارىكردنێكى سنورى ناوچە كورديەكانە لە باشورى كوردستان. بۆيە سنورى ئەم خاكەش ديارىكراوەو لە لايەن كۆمەڵەى گەلانو عێراقەوە.

ئەم ناچەيە مافى عوسمانىو توركى بەسەرەوە نەماوە. بەپێى ياسا نێودەڵەتەيكان، عێراق مافە نێودەوڵەتيەكانى زامن نەكردوون كە لە ١٩٣٢ بەڵێنى داوە. هاوكات دەقێكى ياسايى نێودەڵەتى هەيە كە ئەم گەلە خاونى ئۆتۆنۆمييە لەسايەى داگيركەر لە ١٩٢٠و لە سايەى منداتى بريتانى لە ١٩٢١، لە ئێستاشدا، نە داگيركەر ماوە نەمانداتتيش، كەواتە باشترين هەڵبژاردن بۆ كوردەكان مافى ديارىكردنى مافى چارەنوسە لەسايەى ياسا نێودەڵەتيەكان.

## پەراويز:

---

(١) كمال قبعة: مسؤلية بريطانيا عن عدم مشروعية ونتائج وعد بلفور والانتداب، منظمة تحرير فلسطين، دائرة الدبلوماسية والسياسات العامة.
https://www.prc.ps/%d8%a3%d8%ae%d8%a8%d8%a7%d8%b1/

(٢) م. س. لازاريفو ئەوانى تر: كوردستانى هاوچەرخ، وەرگێرانى لە فارسييەوە: گوشاد حەمە سەعيد:چاپخانەى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣.

(٣) سعد بشير ئەسكەندر: سياسة بريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان، بنكەى ژين، سلێمانى، ٢٠٠٧، ص٥٢

(٤) فيروز حسن حمة عزيز: الاهمية الجيوسياسية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية، مركز دراساة، سليمانية، ٢٠٠٨، ص٢٥٦-٢٥٧. مارف عمەر گوڵ: كيشەى كەسايەتى ياسايى نێودەوڵەتى گەلى كورد، سەردەم، سلێمانى، ١٩٩٩، ل٤٦

(٥) دەقى مادەى (٢): رێكەوتننامەى نێودەوڵەتى واتا، رێكەوتنى نێوان دوولايەنى نيودەڵەتى يان زياتر لەسەر هێنانەكايەى شوێنكەوتەيەكى ياسايى بە پێى ياساى نێودەوڵەتى. اتفاقيه فينا لقانون المعاهدات
University of Minnesota
*hrlibrary.umn.edu/arabic/viennaLawTreatyCONV.html*

(٦) فيروز حسن حمه عزيز المصدر السابق، ص ٢٦٨.

(٧) پەیماننامەی لاهای ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٧دا هاتووە لە مادەی ٤٢، هەرێمێك بە بە داگیرکراوی جەنگی دادەنرێت کاتێك دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی سوپای دژ بە شێوەی پراکتیکی. صباح محمد حسن سلامة: المسؤلية القانونية الدولية لبريطانيا عن الاضرار التي لحقت بالشعب الفلسطيني، رسالة ماجستير في القانون من كلية الدراسات العليا/ جامعة القدس، ٢٠١٤ ، ص١١٦.

(٨) چەمکی حوکمدار بۆ یەکەمجار لە لایەن محمد علی پاشا لە ساڵی ١٨٠٨ بەرامبەر پارێزگاری ئێستا بەکار هاتو لە لایەن بریتانیەکانیشەوە بە Governor گۆڤەرنەر ناودەبرا. جمیل بیچون واخرون: تاريخ العرب الحديث، دار الامل، ١٩٩١، ص٨٣.

(٩) دەقی مادەی ٦٢ لە رێکەوتنامەی سیڤەر: لیژنەیەك لە ئەستەمبوڵ کە پێکهاتووە لە نوێنەری حکومەتی بریتانیو فەرەنسیو ئیتالی لە ماوەی شەش مانگ دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی رێکەوتنامەکە، هەڵدەستن بە دارشتنی پرۆژەی حوکمی زاتی محلی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن لە رۆژهەلاتی فوراتو باشوری سنوری ئەرمینیای باشور. تەواوی دەقی پەیمتننامەکە:

Harold B. Library wwi.lib.byu.edu/index.php/ ." The Treaty of Sèvres, 1920:

(١٠) دەقی مادەی ٢٢: برگەی چوار لە مادەی ٢٢ کۆمەلەی گەلان دەلێت: ولاتە دیارکراوەکانی کە پێشتر سەر بە ئیمپراتۆریەتی تورکی بوون گەیشتونەتە ئاستێکی پێشکەوتوو کە دەکرێت دانپیانانێکی مەبدەئی بە کیانەکەیان وەك میلەتێکی سەربەخۆ بکرێت بەمەرجێك ئامۆژگاریو یارمەتی لە هەردوو ئیدارەی دەوڵەتە مانداتەکە وەربگرن تا ئەوکاتەی دەتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن. خاستەکانی ئەم ولاتانە دەبێت بە شێەیەکی سەرەکی لەبەرچاوبگیرێت بۆ هەڵبژاردنی دەوڵەتی ماندات.

The Covenant of the League of Nations, Lillian Goldman Law Library
http://avalon.law.yale.edu/20th_century/leagcov.asp#art22

(١١) بۆدەقی یەکەمی بریاری ئەنجومەنی گەلان سەبارەت بە ماندات لە میزۆپۆتامیا بروانە:

League of Nations: Draft mandates for Mesopotamia and Palestine : Publisher London : Printed and published by H.M.S.O 1921

(12) Saad Eskander: Southern Kurdistan under Britain's Mesopotamian Mandate: From Separation to Incorporation,1920-23, Middle Eastern Studies, Vol. 37, No. 2 (Apr., 2001), www.jstor.org/stable/4284159, FOR: Aaron S. Klieman, Foundations of British Policy in the Arab World: The Cairo Conference of 1921 (Baltimore and London, 1970), p123

(١٣) صك الانتداب البريطاني على العراق: موسوعة المقاتل من صحراء،

http://www.moqatel.com/openshare/Behoth

(١٤) علي الجرباوي الحكم الذاتي: دراسة حول المفهوم والنموذج، المستقبل العربي – العدد:٤٧٨: جامعة بيرزنت، ص١١٨.

(١٥) هەر ئەم شێوازە حوکمە ئیدارەی بریتانی لە عێراق لە ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢ دانی ناوە بە حکومەتی کوردی بەم شێوەیە: حکومەتی خاونشکۆی بریتانو حکومەتی عێراق دان بەمافی کورددا دەنێن کە لە سنوری عێراقدا دەژین بە دامەزراندنی حکومەتێك لەو سنورەدا. هەردوو حکومەت هیوادارن کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

رەگەزە کوردیە جیاوازەکان بەخێرای لەنێوخۆیاندا بگەنە ڕێکەوتنێك بۆ شێوەی ئو حکومەتەی کەدەیانەوێت و دەیانەوێت تا کوێ درێژبێتەوە، هەروەها شاندی خاوەن دەسەلات بنێرن بۆ بەغداد بۆ مشتومر لەسەر پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکان لەگەڵ حکومەتی خاوەنشکۆو حکومەتی عێراقی. سی. جی. ادمونز: کورد وتورك وعرب، سياسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ت: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، دار اراس، اربيل، ١٩٩٩، ص٢٨١.

(١٦) سعد بشير اسكندر: المصدر السابق، ١٣٤ص ١٣٩

(١٧) عصبة الامم: مسئلة الحدود بين تركيا والعراق. ١٩٢٥، {25-9-1..250…711…43…SGPS.ص١١١.

(١٨) عبدالرزاق الحسينى: عراق فى ضل المعاهدات، طبعة ثمانية، دار الكتب، بيروت،١٩٨٣، ص ١٥٤-١٥٥.

(١٩) فاضل حسين: مشكلة موصل، مطبعة اسعد، بغداد،١٩٦٧، ص١٧٣-١٧٤.

(٢٠) احمد رفيق: العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا، ١٩٢٢-١٩٣٢، دار الطليعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٠٧.

(٢١) بيار مصطفى سيفالدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها على كوردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، سپرێز، دهۆك،٢٠٠٤، ص٢٢٣.

(٢٢) عصبة الامم: مسئلة الحدود بين تركيا والعراق.ص١١١.

(٢٣) محمد محمود الطعامنة و سمير محمد عبد الوهاب،"الحكم المحلي في الوطن العربي وإتجاهات التطوير"، المنظمة العربية للتنمية الادارية، بحوث ودراسات، الاردن، ، ص ١٩-٢٢

(24) W R Powell ،Local administration and public services: Administrative bodies', in A History of the County of Essex: Volume 5, ed. W R Powell (London, 1966), pp. 32-37. British History Online http://www.british-history.ac.uk/vch/essex/vol5/pp32-37

(٢٥) بيار مصطفى سيف الدين:، المصدر السابق، ص٣١١.

(٢٦) عبدالزراق الحسني تاريخ العراق السياسي: الجزء الثاني ص١٥٣.

(٢٧) عثمان على: دراسات فى الحركة الكردية المعاصرة،١٨٣٣-١٩٤٦، تەفسیر، ئەربیل، ٢٠٠٣، ص٥٣٠.

(٢٨) فاروق صالح عمر: المعاهدات بين العراق و برطانيا واثرها على السياسة الداخلية ، بغداد، ١٩٧٧، ص ٥٥٧.

(٢٩) جەمال نەبەز: کوردستانو شۆرشەکەی وەرگێرانی : کوردۆ، چاپی دووەم ، هەولێر چاپخانەی ئاراس٢٠٠١ ، ل١٠٧

(٣٠) وەلید حمدی: کوردو کوردستان لە بەلگەنامەکانی بریتانیادا، ورگێرانی: محمد نوری توفیق، سەردەم، ١٩٩٩، ل٢٢٣-٢٢٤.

(٣١) فاروق صالح عمر: المعاهدات بين العراق و بريطانيا، ص٣٠٦.

(٣٢) عبدالرزاق الحسينى: التاريخ العراق السياسى الحديث، فصل الثانى، مطبعة عرفان، لبنان، ١٩٥٧، ص٢٦٤-٢٦٥.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٣٣) أحمد سيف الدين المسؤولية الدولية: ماهيتها وآثارها وأحكامها مجلة الجيش، لبنان، المقع الرسمي للجيش اللبنانيالعدد ٣١٨ - كانون الاول ٢٠١١

(٣٤) صباح محمد حسن سلامة: المسؤلية القانونية الدولية لبريطانيا، ص٥-٦

(٣٥) صباح محمد حسن سلامةالمسؤلية القانونية الدولية لبريطانيا ص ١٥.

(٣٦) صخري محمد :المسؤلية الدولية: موسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية .www politics-dz.com

(٣٧) صباح محمد حسن سلامةالمسؤلية القانونية الدولية لبريطانيا، ص ١٥

(٣٨) عبدالرحمن سليمان الزيبارى: الوضع القانونى لاقليم كوردستان العراق، في ظل قواعد القانون الدولي العام، موكرياني، ٢٠٠٢، اربيل، ص ٢٩٨

(٣٩) يدين القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في أجزاء كثيرة من العراق، الذي شمل مؤخرا المناطق السكانية الكردية وتهدد نتائجه السلم والامن الدوليين في المنطقة.الوثائق الرسمية لمجلس الامن، السنة السادسة والاربعون، ملحق أبريل/ نيسان ومايو/ أيار ويونيو/ حزيران ١٩٩١, الوثيقتان ٢٢٤٣٥\s

(٤٠) هێرش عەبدوللا حەمە كريم، پەيوەنديە سياسيەكانى هەرێمى كوردستانو ولاتانى دراوسێ، ئێران، توركيا، عێراق، ئەندێشە، ٢٠١٣سلێمانى، ل١٨.

(41) THE ASSESSMENT OF THE BRITISH GOVERNMENT :IRAQ'S WEAPONS OF MAS S DESTRUCTION The Stationery Office (www.official-documents.co.uk), P44-45.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# سەرچاوەكان:

## پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان


١. اتفاقيه فينا لقانون المعاهدات

University of Minnesota hrlibrary.umn.edu/arabic/viennaLawTreatyCONV.html

٢. الوثائق الرسمية لمجلس الامن، السنة السادسة والاربعون، ملحق أبريل/ نيسان ومايو/ أيار ويونيو/ حزيران ١٩٩١, الوثيقتان S٢٢٤٣٥\

٣. صك الانتداب البريطاني على العراق: موسوعة المقاتل من صحراء

http://www.moqatel.com/openshare/Behoth

عصبه الامم: مسئله الحدود بين تركيا والعراق. ١٩٢٥،

SGPS...43...711..250..1-9-2

4. League of Nations: Draft mandates for Mesopotamia and Palestine : Publisher London : Printed and published by H.M.S.O 1921
5. The Treaty of Sèvres, 1920". Harold B. Library wwi.lib.byu.edu/index.php/
6. The Covenant of the League of Nations, Lillian Goldman Law Library
7. http://avalon.law.yale.edu/20th_century/leagcov.asp#art22


## سەرچاوە بە زمانی كوردیی


٨. جەمال نەبەز: كوردستان‌و شۆرشەكەی وەرگێرانی : كوردۆ، چاپی دووەم ، هەولێر چاپخانەی ئاراس ٢٠٠١

٩. . م. س. لازاریف و ئەوانی تر: كوردستانی هاوچەرخ، وەرگێرانی لە فارسییەوە: گوشاد حەمە سەعید:چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠. مارف عمەر گوڵ: كیشەی كەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی كورد، سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

١١. هێرش عەبدوللا حەمە كریم، پەیوەنندیە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان‌و ولاتانی دراوسێ، ئێران، توركیا، عێراق، ئەندێشە، ٢٠١٣سلێمانی.

١٢. وەلید حمدی: كوردو كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بریتانیادا، ورگێرانی: محمد نوری توفیق، سەردەم، ١٩٩٩.

## سەرچاوە بە زمانی عەرەبی


١٣. احمد رفيق: العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا، ١٩٢٢-١٩٣٢،دار الطليعة، بغداد، ١٩٨٠.

١٤. أحمد سيف الدين المسؤولية الدولية: ماهيتها وآثارها وأحكامها مجلة الجيش، لبنان، الموقع الرسمي للجيش اللبناني العدد ٣١٨- كانون الاول ٢٠١١.

١٥. بيار مصطفى سيفالدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها على كوردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، سپريز، دهؤك،٢٠٠٤.

١٦. جميل بيضون واخرون: تاريخ العرب الحديث، دار الامل، القاهرة، ١٩٩١.

١٧. سعد بشير ئەسكەندر: سياسة بريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان، بنكەی ژين، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

١٨. سی. جی. ادمونز: كورد وتورك وعرب، سياسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ت: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، دار اراس، اربيل، ١٩٩٩.

١٩. صباح محمد حسن سلامة: المسؤلية القانونية الدولية لبريطانيا عن الاضرار التي لحقت بالشعب الفلسطيني، رسالة ماجستير في القانون من كلية الدراسات العليا/ جامعة القدس، 2014.

٢٠. صخري محمد :المسؤلية الدولية: موسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية www. politics-dz.co

٢١. عبدالرحمن سليمان الزيبارى: الوضع القانونى لاقليم كوردستان العراق، في ظل قواعد القانون الدولي العام، موكرياني، ٢٠٠٢،

٢٢. عبدالرزاق الحسينی: عراق فی ضل المعاهدات، طبعة ثمانية، دار الكتب، بيروت،١٩٨٣.

٢٣. عبدالرزاق الحسينی: التاريخ العراق السياسی الحديث، فصل الثانی، مطبعة عرفان، لبنان، ١٩٥٧.

٢٤. عثمان علی: دراسات فی الحركة الكردية المعاصرة،١٨٣٣-١٩٤٦، تەفسير، ئەربيل، ٢٠٠٣.

فاروق صالح عمر: المعاهدات بين العراق و برطانيا واثرها على السياسة الداخلية ، بغداد، ١٩٧٧.

٢٥. علي الجرباوي الحكم الذاتي: دراسة حول المفهوم والنموذج، المستقبل العربي – العدد:٤٧٨: جامعة بيرزنت.

٢٦. فاضل حسين: مشكلة موصل، مطبعة اسعد، بغداد،١٩٦٧.

٢٧. فيروز حسن حمة عزيز: الاهمية الجيوسياسية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية، مركز دراسات، سليمانية، ٢٠٠٨،




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

٢٨. كمال قبعة: مسؤلية بريطانيا عن عدم مشروعية ونتائج وعد بلفور والانتداب، منظمة تحرير فلسطين، دائرة الدبلوماسية

٢٩. محمد محمود الطعامنة و سمير محمد عبد الوهاب،"الحكم المحلي في الوطن العربي وإتجاهات التطوير"،المنظمة العربية للتنمية الادارية، بحوث ودراسات،الاردن،٢٠٠٥ .

## سەرچاوە بە زمانی ئنگلیزی

30. Saad Eskander: Southern Kurdistan under Britain's Mesopotamian Mandate: From Separation to Incorporation,1920-23, Middle Eastern Studies, Vol. 37, No. 2 (Apr., 2001). www.jstor.org/stable/4284159

31. THE ASSESSMENT OF THE BRITISH GOVERNMENT :IRAQ'S WEAPONS OF MAS S DESTRUCTION The Stationery Office (www.official-documents.co.uk).

32. W R Powell :Local administration and public services: Administrative bodies', in A History of the County of Essex: Volume 5, ed. W R Powell (London, 1966), pp. 32-37. British History Online http://www.british-history.ac.uk/vch/essex/vol5.

# مسؤولية بريطانيا أمام جنوب كردستان في ضوء القوانين والمعاهدات الدولية

## ١٩١٦-١٩٢٣


**الملخص:**

**بعد الحرب العالمية الاولى تعد بريطانيا صاحبة أول مشروع لتقسيم كوردستان الكبرى، مما وضعها أمام التزامات قانونية يستطيع الاقليم أن يستخدمها لصالحه لبناء كيان مستقل له.**

**إن إتفاقية سايكس بيكو تعد أولى المحاولات التي قامت بها بريطانيا لتنفيذ مشروعها في تقسيم كوردستان عام ١٩١٦، واستمرت تلك المحاولات بعد أن أحتلت الجزء الجنوبي منها ووضعته تحت انتدابها الى ان قامت بتسليمه الى الدولة العراقية عام ١٩٣٢.**

**وكل ما جرى على المنطقة (كوردستان الكبرى) من تقسيم والحاق - وأخص الجزء الجنوبي منها- بالعراق لايخلو من تعهدات والتزامات تضع بريطانيا أمام مسؤولية دولية عظمى.**

**الهدف من البحث: هو رسم خريطة واضحة لتلك التعهدات والاتفاقيات المبرمة ما بين بريطانية والحكومات العراقية المتتالية التي حكمت العراق عبر مراحل تطوره سياسياً، ابتداء بالحكم الملكي وانتهاء بالنظام الجمهوري، وهذه المتغيرات السياسية التي اوجدتها بريطانيا على أرض كوردستان تجعلها أمام مسؤولية تاريخية وقانونية وأخلاقية تجاه إقليم كوردستان، لينتقل من كيان فيدرالي الى كيان مستقل على الساحة الدولية.**



***الكلمات الداله: بريطانيا، جنوب كردستان، القانون الدولي، العراق.***

# British responsibility to the south of Kurdistan in the light of international laws and treaties

# 1916-1923


## Abreact:

After World War One, Great Britain has been linked with the planning of the division of Kurdistan, as well as possessing several legal responsibilities. Consequently, Kurdistan at this point in time is able to use this at its advantage. Great Britain, in the year 1916, has divided

Kurdistan according to the Sykes-Picot agreement. Followed by the conquering of South Kurdistan in 1918. Then, from 1925 - 1932, it had put it under its control, and handed it back over to Iraq in 1932. All this division and tying which Britain has done to Kurdistan, was carried out smartly and strategically. However, it is not flawless, as it contains a group of violation of laws which hold it responsible for breaches of international obligations. For this reason, Kurdistan is capable of using it to its advantage.

Objective: This research works in the direction and accordance of the above mentioned topic. Under the light of the agreement which Britain conducted during the monarchy of Iraq, then had several positions during the republic of Iraq period, has put Great Britain into a situation of historic, legal, and literacy responsibility. Kurdistan from a federal state into a state with international characteristics.


***Keywords:*** *British, Southern Kurdistan, International Law, Iraq.*